www.kurdistannet.org
26-2-2007 20:21 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ فرمێسکی چاوی کانی ... سەرهەنگ خامۆش

بە کانی هەڵەبجەیی شاعیر پێش کەشە



کە تۆم بینی
لە ژێر سێبەری برژانگەکانی هەور
لە گەڵ باران پەیمانتان بە یەکتری دەدا
ژوانتان بۆ بەیانی جەژن دەبەست
لە ئاسمانی شەوێکی نامۆدا
لە گەڵ بەفر
سەمای خۆشەویستیتان دەکرد
ڕەنگت لە ڕەنگی ئەو دەچوو
بەڵام کاتی هەتاو پرچی شانە کردی
بوی بە کانی عاشقان و ووشك نەبووی
تۆ گوڵێکی سووری نێوباوەشی کرێوە بویت
بە سەر دەشتی خامۆشم دا باریت. . .
لە شەوی عارفەی فالانتاین
بە بی رووخسەت لە حزوری ئەستێرەکان
عاشقانە لێم هەڵاتی. .
چی تۆی گەیاندە
ژێر هەورە یاخی بووەکانی هەندەران
لە شەپۆڵی کام دەریا زویر بوویت
کی تۆی لە نیشتیمانی دڵت کرد
لە کام ئۆقیانوسی ئەوین
هەور تۆی هێنایەوە ئێرە
من دوای ئەوە لە رووبارم پرسی
لە کوی لە گەڵ َ فرمیسکی چاوی کانی
یەکتان گرت
ڕژانە نێو دەشت و دۆڵی نیشتیمانم. . . ؟!!!
تۆ کانیەکی قەدپاڵی
چیاکانی کوێستانی ئێرە بووی
چی تۆی گەیاندە ئەم دەشتە نامۆیەی ئەوێ
تۆ بەفر بووی تواپەوە. . ؟!!
لەم شەوەدا بوی بە ڕۆدنك
بوی بە داستان نەبراپەوە. . . !

Xamosh_serheng@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.